# ئایا خەونی یۆتۆپیایی فیدرالی دێتەدی؟

## سەبارەت بەپرۆژەی پ د ك بۆ دەستوری كۆماری فیدرالی عیراق

**ئاسۆ كمال**

دوای دەساڵ بەسەر بەدیلی فیدرالیدا، ئەمڕۆ هەردوو حزبی حاكم لەكوردستان كەوتونەتە خۆ بۆ تەعریفی فیدرالیەكەیان و، پارتی دیموكراتی كوردستانی عیراق دەستوری عیراقی فیدرالی پێشنیار كردوە. ئەوەی ئەمرۆ ئەم حزبانەی هیناوەتە سەر ئەوەی بكەونە دەستور دارشتن بۆ بەدیلە فیدرالیەكەیان ئەو وەزعیەتە سیاسیـیە ڕوو لە ئالوگۆرەیە كە لەسایەی هەرەشەی ئەمریكاوە بۆ روخانی صدام هاتۆتە ئاراوە و سەرجەم هێزە سیاسیەكانی دەرگیر لە كیشەی عیراقدا خەریكی دارشتنی نەخشە و بەرنامەن بۆ بەشیان لە دەسەلاتی داهاتوی عیراقدا. ئەوان دەساڵە پێویستیان بەم كارە نەبوو چونكە خۆیان لە مفاوەزات كردن لەگەڵ رژیمی بەعسدا بەنزیكتر دەبینیەوە لەوەی داوای نیزامی فیدرالی بۆ هەموو عیراق بكەن. بەڵام خەونی ئیستاش بە هاتنەدی فیدرالیـیەوە بەرهەمی مسۆگەر بونی بەش و شیعاری فیدرالی ئەم حزبانە نیـیە، لەواقعدا نیگەرانی ئەوان دەردەبریت لەوەی كە ئەمریكا هیچ باسیكی نیـیە لەسەر بەشی ئەم حزبانە لەدەسەلاتدا و دەیانەویت بەرگیكی دەستوری بكەن بە بەری بەدیلی یۆتۆپیایی فیدرالیدا تا بتوانیت بیكاتە بابەتیكی قانونی و داخوازیەكی مەلموس. هەرچەند ئەم كارەش بێهودەیە و گوێیەك نیـیە بۆ بیستنی و بەپیچەوانەوە هەموو لایەك وەلامی"نا" بەو وەزعە دیفاكتۆیەی ئیستای كوردستان دەدەنەوە و باس لە قەدەغەكردنی دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی كوردستان و یەكپارچەیی خاكی عیراقە. پێویستە بەدیلی فیدرالی لەسەربنەمای هەلویست و بەرنامەی ئەو هیزانە لەسەر ئایندەی دەسەڵات و هاوسەنگی ئەو هیزانە و واقعیەتی سیاسی عیراق و زەمینە سیاسی و كۆمەلایەتیەكانی لیك بدریتەوە تا بزانین ئەم خەونە یۆتۆپیایەی ئەحزابی ناسیونالیستی كورد دیتە دی یان نا؟. لیكدانەوەی بەندەكانی ئەم دەستورە، كە مۆری ئیسلامی و قەومی بەسەر دەسەلاتی عیراقەوە دەهیلیتەوە، ئەو گرنگیەی نیـیە لەكاتیكدا ئەم دەستورە بۆ بەدیلیكی فیدرالیـیە كە خۆی لە دنیای واقع و كیشە و بەرنامەی هیزە دەرگیرەكانی عیراقدا جگە لە خەونی ئەحزابی ناسیونالیستی دەسەلاتداری كورد بە دابەشكردنی میراتی دەسەلاتی دوای صدام حسین نەبیت هیچ زەمینەیەكی تری نیـیە و پێویستە لەپیشدا لە خودی بەدیلی فیدرالی بكۆلینەوە كە ئایا لەئەساسدا شانسی بەدیهاتنی هەیە یان نا ؟، تادواتر لەسەر دەستور و بەندەكانی دەستوری فیدرالی قسەبكەین. ئەگەر چی خودی ئەحزابی ناسیونالیستی حاكم لەوە پراگماتیست ترن كە تەنها خۆیان ببەستنەوە بەو خەونە بۆتۆپیەی فیدرالیـیەوە، ئەوان دەرسی ریەل پۆلیتیكیان خویندوە دەزانن چۆن لە نیوان قەلشتی دەولەتەكان و فشاری ئەو هیزانەدا ئەم دەستورە فیدرالیە بە پیێ رۆژ بگۆرن، هەروەك تادوینێ بەشیعاری فیدرالیشیانەوە مفاوەزاتی پشتی پەردەیان لەگەڵ صدام دا گەشتبوە ئەو ئاستەی تەنها داوای ریزگرتنیان لە بریاری فیدرالی لیدەكرد و هیچی تریان نەدەویست.

ئەو گۆرانەی لەوەزعیەتی سیاسی عیراقدا هاتۆتە ئاراوە و ئەحزابی حاكمی هیناوەتە سەر ئەوەی بۆ داوای بەشی خۆیان لەدەسەلاتدا فیدرالیزم بخەنە سەرمێز، هەلویستی ئیدارەی ئەمریكی جۆرج دەبلیو بۆشە. ئەمریكا بەدوای 11 سپتامبەردا پاش ئەفغانستان مەسەلەی عیراقی بەدەستەوە گرتوە تا دەسەلاتی تاقانەی خۆی لەئاستی جیهانی وناوچەكەدا جیگیربكات و هەرچەشنە ریگریەك كەلەدەیەی نەوەدەكاندا لەبەردەمیـدا بوە لابەریت. سیاسەتی" ئابلوقەی دوولایەنە(احتواÃ مزدوج)"ی‌ئەمریكا لەعیراقدا بە بن بەستی خۆی گەیشت و رژیمی صدام لەپال ئیسلامی سیاسیـدا بەشیكن لەو ریگریانەی بەردەم جیگیری وەزعی ئیستا و دەبیت یەكلایی كردنەوەی حساب لەگەڵ ئەمانەدا دەرسی باقی رەقیبە ئەسلیەكانی ئەمریكا لە جیهان و ناوچەكەدا دابدات. هەربۆیە دەخالەتی ئەمریكا لەعیراقدا و ئالوگۆر لە هەیئەتی حاكمدا هەدەفی ئەمریكایە و سەركەوتنی ئەو لەعیراقدا پاش ئەفغانستان ئەم جیگاوریگاتاقانەیەی

ئەمریکا جیگیردەکات. بەڵام ئەم ئالوگۆرەی ئەمریکا بەشوینیەوەیەتی پیویستی بەوەیە کە هیچ ئالوگۆریك لە وەزعی سیاسی و ئابوری خەلك لە عیراقدا بەدی نەیەت و هیچ دەرگایەك بەڕووی ئازادی وخۆشگوزەرانی خەلکدا نەکریتەوە. ئیستا ئیتر کاتی ئەوەیە کە سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر کوردستانیشدا ڕووی راستەقینەی خۆی نیشان بدات، ئیستا ئەوەی ئەمریکا لەسەر کوردستان دەیلیت تەنها"نا" یە بۆ دەولەتی کوردی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراقە. ئیتر باس لەوەنییە کە چ چارەسەریکی بۆ کیشەی کورد پێیە بەلکو تەنها ڕووی لە نەبونی مافی سەربەخۆبونی خەلکی کوردستانە. مامەڵەی لەگەڵ تورکیادا لەسەر قەدەغەکردنی دامەزرانی دەولەتە لەکوردستاندا و تەنانەت سپاردنی وەزعی کوردستانە بەمەسەلەی ئەمنیەتی تورکیا. ئەو دەسەلاتەی جیگای صدامیش پڕدەکاتەوە لە ئیستاوە ئەمریکا سویندی یەکپارچەیی خاکی عیراقی پیدەخوات و چارەنوسی کوردستانی لەئیستاوە تەسلیم بەو بەدیلە عەسکەریە کردوە و بەهیچ شیوەیەك مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ خەلکی کوردستان بەرەسمی ناناسیت. ئەم واقعیەتە ژیر پیی ئەحزابی حاکمی لەکوردستان لیژ کردوە و دەسەلاتیانی توشی ئایندەیەکی نادیار کردوە. لای ئەمریکا دەوری ئەم حزبانە سەربازیکی رزگارکردنی عیراقن لەدەست صدام و سپاردنی بەدەستی ئەمریکا. مەسەلەی فیدرالی و بەشی ئەم حزبانە لەدەسەلاتدا باسیکی لەسەر نییە و پشت گوێخراوە لەلایەن ئەمریکاوە، ئەوەی پیویستە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق و ریگەنەدان بەدروست بونی دەولەتی سەربەخۆی کوردستانە. ئەم راستیانە بەئاشکرا لە قسە وراگەیاندنەکانی سەرانی ئەحزابی حاکمدا دەبیستریٚ کە دەیانەویت ئەمریکا بەشی ئەوان لەدەسەلاتدا دیاری بکات ئەوکات دەچنە جەبهەی شەڕی ئەمریکا لەدژی رژیمی بەعس. سیناریۆی ئەمریکا بۆ عیراقی دوای صدام بەدلنیایی یەوە فیدرالیزمیکی قەومی و مەزهەبی نییە کە عیراق لەلایەك حکومەتیکی کوردی لەباکور دروست بکات، کە تورکیا بەهیچ شیوەیەك نابیتە پیش لەشکر وهاوپەیمانی ئەمریکا بۆ شەریکی وا لەعیراقدا و هەروەها نایەویت فیدرالیزم دەسەلاتی مەرکەزی لاوازبکات بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی شیعەی سەر بە جمهوری ئیسلامیئیران کە هەر حکومەتیکی فیدرال لە باشوور وناوەراستی عیراق دا زەمینەی دووکەرت بونی مەزهەبی تیدا ئاسان دەبیت. نمونەی دەسەلات و نیزامی داهاتوو لای ئەمریکا حکومەتیکی عەسکەری مەرکەزیە کە بتوانیت ئەم"پەشیوی" قەومی و مەزهەبیە کۆنترول بکات ویەکپارچەیی عیراق بپاریزیت تاکو ئایندەی بازاری نەوت و ووزەی ئەمریکاش دابین بکات.

ئەم هەلویستەی ئەمریکا هەمان ئامانج و سیاسەتی هیزە ناسیونالیستە عەرەبیەکان و ئیسلامیەکانی ئۆپۆزسیۆنی رژیمی بەعسە. ئیستا هیچ کام لەمانە ئامادەنین دان بەمافی دیاریکردنی چارەنوسی خەلکی کوردستاندا بنین و هەموویان لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی عیراق سوورن و دژ بە دەولەتی سەربەخۆی کوردستانن. لە مجلس الاعلی و دعوەی ئیسلامیەوە بیگرە تا لایەنە قەومیە عەرەبیەکانی دەرەوە و ناوەوەی کۆنگرەی نیشتمانی عیراق وە تا ئەو ئەفسەرانەی کە هیشتا خەون بەدەسەلاتەوە دەبینن، هەموو یەکپارچەیی خاکی عیراق وەك پەیمانیکی پیرۆز کۆیان دەکاتەوە و لەسەر هەر شتیك ریك نەکەون لەسەر ئەم مەسەلەیە براوەن. هیچ کام لەمانە نایانەویت ئەو دەسەلاتە بەشیوەی فیدرالی لەگەل ناسیونالیزمی کورددا دابەش بکەن. ئەم ئۆپۆزسیۆنە لەسەر عەرەبی بونی عیراق و مەرکەزی بونی دەسەلات لەعیراقدا هاوران. ئەمە مانعی ئەوەنییە کۆنگرەی نیشتمانی عیراق وهیزە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر ئەحزابی حاکم بەوە دەست خەڕۆ بکەن کە لە دوای سەرکەوتنیان رفراندۆم دەکەن لەعیراقدا بۆ بەدیلی فیدرالی و لەئیستادا تەنها وەك خیتابی سیاسی دەمینیتەوە وناچیتە چوارچیوەی بەرنامە و بەدیلی دەسەلاتداریتی هیچ کام لەوهیزانەوە.

هەرچی دەولەتانی دراوسیٚی عیراقیشە، کە ئەم حزبە حاکمانە خۆیان بەشیوەیەك پیوەبەستونەتەوە، هەموویان سەرەرای هەرکیشەیەکیان لەگەل یەکتردا هەیە پیداگرن لەسەر یەکپارچەیی خاکی عیراق و دژی دامەزراندنی دەولەتی

www.kurdistannet.org

سەربەخۆی کوردستانن. ئەم دەولەتانە و بەتایبەت تورکیا بەهیچ شیوەیەك بە حکومەتی فیدرالیش رازینین و هەرچەشنە حکومەتیك لەکوردستان بەتوندی رەت دەکەنەوە. تورکیا لەریگای بەرەی تورکمانی و لەشکرکیشییەوە دەیەویت وەزعی کوردستان کۆنترۆل بکات و ئیرانیش لەریگای تاقمە ئیسلامیەکانیەوە دەخالەت و جیگاپیی خۆی پتەوتر دەکات و هەردوولا نایانەویت وەزعی دیفاکتۆی ئیستا لە ئالوگۆرەکانی داهاتوی عیراقدا بەردەوام بیت و ئەم جیاییەی کوردستان ببیتە ئەمری واقیع و هیچ دەسەلات و حکومەتیك لەکوردستان رەسمیەت پەیدابکات.

ئەگەر ئەم هەلویستانەی هیزە جیهانی وئیقلیمی وناوخۆکانی عیراق ریگری بەردەم بەدیلی فیدرالی و دامەزراندنی دەولەتی فیدرالی بیت لەعیراقدا ئەوا ئاشکرایە کە ئەحزابی حاکم بەتەنیا ناتوانن بەدیلە فیدرالیەکەیان بەسەر عیراقدا بسەپینن و ئالوگۆر لەنیزامی سیاسی و ئیداری عیراقدا پیك بینن. ئایا لەم حالەتەدا کە هیچ هیزیك ئەم داوای فیدرالیەی قبول نەکردن ئەم حزبانە چیدەکەن؟ پ د ك لە پرۆژەی دەستورەکەیدا دەلیت ئەگەر هەر ئالوگۆریك لەو فیدرالیەتە و نیزامی سیاسیەدا بکریت بەبێ رەزامەندی هەردوو پەرلەمانی هەریمی کوردی وعەرەبی ئەو کاتە خەلکی کوردستان مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی پیادە دەکا. بەلام ئیستا رۆشنە کە نە ئەمریکاو غەرب و نە تورکیا وەهەروەها نە هیزەناوخۆیەکانی عیراقیش ئامادەنین فیدرالیزم وەك نیزامی سیاسی بۆ عیراق قبول بکەن. ئایا چاوەڕێی چین ؟ بۆ ئیستا مافی دیاری کردنی چارەنوس پیادەناکەن ؟ رۆشنە ئەم حزبانە دەزانن فیدرالیزمەکەیان تەنها یۆتۆپیایەکە کەنایەتە دی و ە ئەوان هیچ کات ناگەنە ئەوکاتەی شمشیری مافی چارەنوس بەرزکەنەوە بەڕووی ئەوانەی لە فیدرالیزم لادەدەن. بۆچی دەسالە لە سایەی هەرەشەی بەعسدا دانیشتون و بەهیوای مفاوەزاتی پشتی پەردەی بەعس و دریژەی پشتیوانی ئەمریکان و داوای ئەم مافی چارەنوس ناکەن ؟ئەم حزبە حاکمانە بەپیچەوانەوە ئەوەی بەعەمەلی پیادەی دەکەن دژبەمافی خەلکی کوردستانە لە دیاریکردنیچارەنوسی خۆیدا. ئەوان لە شۆڤینیزمی عەرەبی زیاتر پێلەسەر یەکپارچەیی خاکی عیراق دادەگرن کە بەمانای پیشیل کردنی مافی جیابونەوەی خەلکی کوردستان و مانەوەیەتی لەژیردەستەیی دەولەتی قەومی عەرەبی مەرکەزدا. پ د ك لەو پرۆژەی دەستورەدا بەرۆشنی ئەم زەبونییەی ناسیونالیزمی حاکم نیشان دەدات کە دەلیت : فیدرالی پارمەتی دەدات کە خولیای ترس لە دابەشکردن و پارچەچارچەبونی عیراق لەناو ببات. ئەمە ئەو سیاسەت و بەدیلەی ناسیونالیزمی کوردی حاکمە کە لەئیستاوە شەرعیەت دەدات بە هەر دەستەو تاقمیکی عسکری و ئیسلامی و قەومی عەرەبی کە لەسبەینێ پەیداکردنی دەسەلاتدا لەژیر ناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق وترسی جیابونەوەی کوردستاندا هەمان هیرشی عسکری و حەملەی ئەنفال و کیمیابارانی بەعس دوبارە بکەنەوە بەسەر خەلکی کوردستاندا. ئەگەر ئەحزابی حاکم دڵ بە مقاوەمەتیان بەرامبەر بەم هیرشانە خۆش بکەن ئەوا بۆ خەلکی کوردستان ئیتر ئەم رۆحی فیداکاریە تەنها نیشانەی بن بەست و نامەعقولی ریگاچارەیەکە کە بۆ کیشەی کورد ئەم حزبانە لەسەدەی رابردوودا شکستی خۆی نیشانداوە. کاتیك ئەمریکا پشت لەم حزبانە هەلدەکات بۆ جیگیربونەوەی دەسەلاتیکی عسکری لەمەرکەزدا کە یەکپارچەیی عیراق بپاریزیت ئەم دەسەلاتانە لەکوردستان ناتوانن خۆیان رابگرن. ئایندەی دەسەلاتی ئەم حزبانە خۆی بەو هەلبەز و دابەزەی وەزعی بەعس و ئەمریکاوە بەستوە بەلام ئایندەی خەلکی کوردستان لەم کیشە و ئەوزاعەدا رۆشنە ئەگەر خەلکی کوردستان مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان ئیستا پیادەنەکەن و دەولەتی سەربەخۆیان رانەگەیەنن، ئەوا نەخشەی ئایندە تەنها گەرانەوەیە بۆ ژیردەستەیی دەولەتی قەومی عسکری مەرکەزی. هیچ ئایندەیەکی سوڵح و ئاشتی لەسایەی پیکەوە ژیانی فیدرالیزمی کوردی وعەرەبی دا بەدی نایەت. ئەم فیدرالیزمە لەسەر بنەمای ناکۆکی قەومی دروست بوە و کیشەی خویناوی دەیان سالە و سەرکوتی دەولەتی مەرکەزی لە پشتەوە وەستاوە، هەربۆیە هیچ زەمینەیەکی لەبار نییە بۆ ئەوەی کە ئەم کیشەیە بە شیوەی دابەش کردنی دەسەلات لەنیوان ئەم دووبەشەی عیراقدا چارەسەر ببیت.

www.kurdistannet.org

تامانەوەی دەوڵەتی قەومی عەرەبی لەمەرکەزدا نەك دەوڵەتی فیدرال ناتوانیت دەوڵەتیك بیت کە تیایدا خەلکی کوردستان دەوریان هەبیت و هاوبەش بن بەلکو سیاسەتی دریژەپیدانی ژیردەستەبونی خەلکی کوردستان و پلە دووبونی کوردەکان هەروەکو خۆی دەمینیتەوە. ئەوکات یان دەبیت دەسەلاتدارانی محلی کوردستان پاشکۆی دەولەتی قەومی مەرکەزبن یان شەڕووپیکدادان دەستپیدەکا و ئەوەی پیّ دەلین فیدرالی دەسریتەوە.

ئەم بەدیلی فیدرالیەتەی خۆی پیّ خۆی لە هەوادایە، پرۆژەی دەستورەکەی پ د ك مەرجیکی تەعجیزیشی خستۆتە پاڵ ئەویش بونی دیموکراسیە. ئەگەر کەسیك سەیری نمونەی دەسەلاتداریتی خودی ئەحزابی ناسیونالیستی حاکم بکات لە دەسالی رابردووی کوردستاندا بۆی دەردەکەویت کە خودی پ د ك چەند پابەند بوە بەو دیموکراسیەتەوە. وەك خۆی دەلی : دیموکراسی، واتە بونی ئازادی بیروراو راگەیاندن، دەست بەدەستی ئاشتیانەی دەسەلات، هەلبژاردنی ئازاد و ریزگرتن لە ئۆپۆزسیۆن، جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و یەکسانی نیوان ژنان وپیاوان. ئایا مەجلسی الاعلی و ئەفسەرانی بەعس دەتوانن ئەم دیموکراسیەتە بپاریزین؟ ئەگەر ئەم مەرجانە بۆ هیزە ناسیونالیست و ئیسلامیەکانی عیراق مەحاڵ نیە کە بیپاریزن، بۆچی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەم دەسالەدا خۆیان پەنایان بۆ دەسەلاتی میلیشیایی، سەرکوتی ئۆپۆزسیۆن و نەگۆرینی قانونی کوشتنی ژنان بردوە. ئەم زەمینە دیموکراسیە لەعیراقدا لەسەر دەستی ئەوانەی خوازیاری هیشتنەوەی مۆرکی قەومی دەسەلاتداریتین و لەسەر بنەمای ئەو کیشە قەومیە فیدرالیزم و دیموکراسی دادەمەزرینن، ئەگەر شانسی هەبیت یەك دووجار لە ژووری مەحکەمەی قەزایی سەربەخۆدا دەبیت و دواتر خودی دەزگا و سیستمی قەزایی سەربەخۆ لەشەڕی ناوخۆی دەسەلاتی مەرکەزی و جودایی خوازەکاندا بەهەوادا دەچیت. ئەمە لانی کەم دەسەلاتی عەسکەرتاریەتی زیاتر لەنیو سەدەی رابردووی عیراق و دەیەی رابردووی کوردستان تەئکیدی دەکات.

لەم وەزعیەتە نوێیەی دوای 11 سپتامبەر لە عیراقدا هاتۆتە پیشەوە کیشەی کورد لەم بەدیلی فیدرالیەدا یەك چارەنوسی بۆدانراوە ئەویش چاوەروانیە تاکو دەسەلاتی مەرکەزی دەتوانیت یەکپارچەیی عیراق، کەبەمانای خستنەوە ژیردەستی کوردستانە، دابین دەکات. ئەگینا چاوەروانی ئیستای ئەحزابی حاکم لە ئالوگۆرەکانی ئیستا و هەلویستی ئەمریکا سەبارەت بەفیدرالیزم، کە زۆر ئاشکرایە ئەم یۆتۆپیایە لە نەخشە خەیالیەکیانیشیدا نیە، جگە لەم تەسلیم بون بەو گەرانەوە بۆ ژیر دەستەییە و هیشتنەوەی خەلك لەبەردەم ئەو خەتەرەدا هیچی تری لیّ‌پەیدانابیت. بەلاّم بەپیچەوانەی ئەم دەستەوەستانیەی ئەحزابی حاکم و کورت بینی پراگماتی خۆیان، وەزعیەتی ئیستا فرسەتی گەورەی لەبەردەم خەلکی کوردستاندا کردۆتەوە و ئەم فرسەتی سەربەخۆبونەیە کە هەرکام لە رژیمی بەعس وتورکیا رۆژانە هەرەشە لە خەتەری دەولەتی کوردی دەکەن و ئەم خەتەرە یەکپارچەیی خاکی عیراقی کردۆتە ناونیشانی هەموو کۆبونەوە و جەبهەیەکی ئۆپۆزسیۆنی قەومی و ئیسلامی لەعیراقدا. خەتەری دەولەتی سەربەخۆی کوردستان زەمینەیەکی واقعی لە میژووی واقعی بونی ئەو جیابونەوەی کوردستاندایە کە دوانزە سالە بەردەوام دایە. هەروەك ئالوگۆرەکانی ئیستا ولاوازبونی رژیمی بەعس و نەبونی بەدیلیکی تر بۆ دەولەتی مەرکەزی کە بتوانیت ئەو هەرەشەیەی گرتنەوەی کوردستان عەمەلی بکاتەوە، دەرگای لەبەردەم عەمەلی بونەوەی ئەم"خەتەر" ەدا ئاوالاّ کردوە.

ئەم چارەنوسە مەسەلەی حەیاتی چوار ملیۆن ئینسانە کە ئامادەنین وا بەئاسانی بگەرینەوە ژیر سایەی ژیردەستەیی و نیگەرانن لەوەی لەم فرسەتەدا بەدوای وەعدی نەدراوی ئەمریکا و یۆتۆپیای فیدرالی ودیموکراسیەوە دانیشن. ئایندەی کوردستان دەتوانیت لەم فرسەتەی ئیستادا بەتەواوەتی شتیکی جیاواز بیت لەوەی لەنەخشەی هیزە دەسەلاتدارەکانی ئیستادا هەیە، ئەویش بەهاتنە مەیدانی و خستنەرووی مافی سەربەخۆبونی و هیز کۆکۆدنەوە بۆ پیادەکردنی مافی دیاریکردنی چارەنوسە هەرئیستا نەك حەوالە کردنی بۆ زەمەنیکی خەیالّی. ئەمرۆ لەهەموو کات زیاتر فرسەتی

www.kurdistannet.org

راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و کارکردن بۆ بەرەسمیەت ناسینی لەئاستی نیودەولەتیدا هەیە، لەبەرئەوەی خودی دەسەلاتی بەعس لەبەردەم لەبەریەك هەلوەشاندندایە و هیچ ئیعتباریکی نیودەولەتی نیـیە و جیابونەوەی کوردستان بەمانای زەربەیەك لەپەیکەرەی ئەو دەسەلاتە ناشەرعیە دەبیت و پشتیوانی لیدەکریت سەرەرای دژایەتی وریگریەکانی. بەلاّم ئایندە ئەم فرسەتە بەرتەسك دەبیتەوە کاتیك دەسەلاتی عەسکەری قەومی —ئیسلامی لەمەرکەزدا سەپینرا و ئەمریکا کۆتایی بەدەوری بەرزەخ هینا و پشتیوانی خۆی لەو دەسەلاتە راگەیاند. ئەمرۆ ئیمە بەرپرسین لە گۆرینی ئەو سیناریۆیانە و دەبیت خۆمان ئامادەبکەین بۆ هینانەمەیدانی هیزی جەماوەری و پشتیوانی نیودەولەتی بۆ بەرپارکدنی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و کردنی ئەم جیاییـیەی ئیستا بە سەربەخۆیی ئەمری واقیع.

سەرەتای ئابی 2002

www.kurdistannet.org